کــۆبوونەوەی نــائاسایی

بەروار: ٢٠٠٠/١١/٢٦

کاتژمێر: ١ ی پاش نــیوەڕۆ

# کــۆمەڵەی کوردی ڕۆسکیلدا

ئامادە بووان:بهادین، شێرکۆ، فواد، ئەکرەم، نوری، بیستون، سەلاح، شوان، جمال، مریوان، عادل، سالار، ئاکۆ، نوزاد، جووتیار، ئومێــد.

بەخێرهاتن لەلایەن نەوزادەوە.

بەرنامەی کۆبوونەوە دابەشکرا بەسەر ئامادەبوواندا کە لە لایەن نەوزاد و جووتیارەوە ئامادەکرابوو بوی گفتۆکردن لەسەری. وەچەند خاڵیکی پیویستی بۆ زیاد کرا.

خاڵەکانی گفتووگــۆ

١باسێــکی کۆمەڵەی کوردی لە شاری ڕۆسکیلە. میژووی دروست بوونی، هەندیک لەبەرهەمەکانی و چالاکیەکانی.

٢- باسێک لەسەر Integrationsrad شورای بێگانەکان لەشاری روسکیلە لە لایەن مەریوان وە. نەوزاد روون کردنەوەی زیاتری خستە روو.

٣- دارایی لە لایەن جووتیارەوە باسی لــێکرا و هەروەها ماڵو میراتی کۆمەڵەکە. وەسوپاسی ئەو دڵسۆزانە کرا کە لەدەرەوەی شاری روسکیلە وە پشتیوانی یان لە کۆمەڵە کە کردووە. هۆیەکانی کزی دارایی نەبوونی ئابوونەیە.

٤- بانگەواز: ئەم کــۆبوونەوەیە بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کۆمەڵەیە. لەلایەن جووتیارەوە. بابەتەکان چیمان کردووە؟ بۆلاوازبووین؟ چیبکەین باشە؟ ئەم هوکارانە روون کرایەوە. پیشنیارەکان بوی دوا خاڵ بروانە.

٥- قوتابخانەی کوردی.ئاکــۆ کورتە باسیــکی کرد. کورتەکەی بەم شیوەیە بوو.

١ ـ سوزان خان بەم کارە هەڵدەستیت و پەیوەندی بە شارەوانیوە کردووە. ڕاسپاردەی بۆ ئەم کارە:ـ

بـ دایک و باوکەکان نامە ئەنووسن و داوای قوتابخانەی کوردی دەکەن. بوئەم کارە:
کۆمەڵە فۆرمیک ئامادە دەکات و دایک و باوکەکان پری دەکەنەوە و بە رەسمی
رەوانەی شارەوانی دەکەن. نەوزاد بەم کارە هەڵ دەستی.

٦ـگرتنی شوێنێک بۆکـۆمەڵە:
ا ـئومێد .......بیینە شەریک لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دی. بۆسوک کردنی کرێ خانوو.
ب ـ بهادین......تەواوکردنی کرێ خانوو لەرێگەی ئابوونە.
ی ـ شیرکۆ پاڵپشتی بۆ چونەکەی بهادین.
وە لەرێگەی داهاتی کۆمەڵەوە. لەناو ماڵەک وە چالاکی کۆمەڵە.زۆربەی پیشنیارەکان
لەیەک ئەچن. بە لام پوختەی پیشنیارەکان بەم شیوەیەیە.
ا ـشوێنیک بگرین.
بـ بەریوەی بەرین لە رووی داراییەوە لە رێگەی ئابوونەوەو چالاکی و داهاتی کۆمەڵە.
ی ـ ئابوونەوە بۆ گەورە لەسەرووی ١٨ ساڵەوە ٥٠ کرۆن .

بۆدەنگدان لەسەر ئەم پشنیارە.
هەر ئەندامێک لەسەرووی ١٨ ساڵەوە ٥٠ کرۆن لەرێگەی بانکەوە بدرێت مانگانە وە
بۆساڵیک وەک قۆناخی یەکەم اجباری و ئەندام پابەند دەبیت پیوەی.
ئامادەبووان بەتـێکرای دەنگ پەسەندیان کرد.
ئەم پێشنیارە بەنامە بۆ هەموو ئەو خێزانانە وەئەو ئەندامانەی کە ناونیشانیان لە لای کۆمەڵە
هەیە دەنـێـردری،کە لە ماوەیەکی دیاریکراو وەلام بداتەوە وەکۆمەڵەش لەسەر رۆشنایی
ئەم ئەنجامە بریاری لەسەر دەدات و کاری بۆدەکات.

## هەڵبژاردنی دەستەیەکی کاتی

ئومید، جووتیار، نوزاد، ئاکۆ، مەریوان، بیستون، نوری.شەوێکی کوردی سازدەکرێت بۆ ٩
یان ١٢/١٦ دەستە بۆ ئامادەکردنی. ئەم شەوە کاردەکات.دەستە هەوڵ ئەدات بۆ
بەشداری کردنی جمال ئاکری، بلند، سادق لە دەستەی کاتی. کاک سەلاح راسپیردرا بەو
کارە و دەستەش هەولی خۆی دەدات لە پالیدا.

کۆبوونەوەیەکی تایبەتی دەستەی کۆمەڵە دوابەدوای کۆبوونەوە گشتییەکەکرا.

کارەکان بەمشیوەیە دابەش کرا.

- نەوزاد لیپرسراوی کومەڵە.
- پەیوەندی لە گەڵ شارەوانی نەوزاد و مەریوان وبیستون. بیستون یارمەتی دەر دەبـــیـــّت
- بۆ ادارەی شەوی کوردی بۆ راپەراندی کارەکانی ناو شەوی کوردی. نوری.ئاکۆ چالاکی کۆمەڵە.
- دارایی.........جووتیار.
- پەیوەندی ناوخۆ نوری و ئومێد.

کۆبوونەوە کۆتایی پێهات لە کاتژ مێـــر ١٥,٥٥ □